نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبونەوەیەکی کەمی تۆمارکرد

نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان گۆڕانکاریەیان بەسەرداهاتوە و بەراورد بە رۆژی رابردو هەریەکە لە نەوتی خاوی برێنت و تێکساسی ئەمریکی نرخەکەیان بەرزبونەوەی تۆمارکردوە.

ئەمڕۆ هەینی لە بازاڕەکانی جیهان، نرخی بەرمیلێک نەوتی خاوی برێنت بە (73) دۆلار و (66) سەنتەوە مامەڵەی پێوەدەکرێت، بەراورد بە رۆژی رابردو نرخەکەی 91 سەنت بەرزبوتەوە .

جیا لە نەوتی برێنت، نرخی یەک بەرمیل نەوتی تێکساسی ئەمریکیش بە (70) دۆلار و (4) سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت، بەراورد بە دوێنێ نرخەکەی یەک دۆلار و 64 سەنت بەرزبوتەوە.